**سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان**
**ژمارە :** 43 **لە** 2014/2/11

**ڕێنمایی ژمارە** ( 2 )**ی ساڵی** 2014

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لە ماددەی (10 ) ی یاسای ژمارە ( 44 )ی ساڵی 2004 هەموارکراو یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان پێمان دراوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەی کە لە بواری هاوردەکردن و کۆنترۆلکردنی دەرمان دەرچوون و لە پێناو ڕێکخستنی پرۆژەی گەیاندنی دەرمانی باش بۆ هاووڵاتیان بێ قۆرخکردنی لەلایەن کۆمپانیاکانی دروستکردنی دەرمان و بۆ ئەوەی نەخۆش بێ دەرمان نەبێت ، ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لە ڕێکەوتی 8 / 2 / 2014 ئەم ڕێنماییە دەرکرد :**

1. **دەرمانساز بۆی هەیە لە کاتی سەفەرکردنی ڕەچێتەی پزیشك ئەو دەرمانانە سەرف بکات کە بە ڕێگەی کۆنترۆلی کوالیتی دەرمان تێپەڕیوون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیی بەبێ خۆ بەستنەوە بە سەرفکردنی دەرمانی کۆمپانیایەکی تایبەت کە پزیشك ئاماژەی پێدا بێت لە ڕەچێتەکەیدا .**
2. **ئاگادارکردنەوەی سەندیکا ئەو حاڵەتانەی کە ڕوو دەدەن لە کاتی کارکردندا لە پێداگریی هەندێك پزیشك لە سەرفکردنی دەرمانی هەندێك کۆمپانیا .**
3. **ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان .**

**د.ئەمیر شیت چەلەبی**
**نەقیبی دەرمانسازانی کوردستان**